

# کانیلەکان!

**شێرکۆ بێکەس**

-1-

نازانم چۆن چاوم لێبوو؟
باخێك ماچێکی نارد بۆ ئاو
لەو سەرەوە، کە ماچەکە گەڕایەوە
سەرتاپای بووبوو بە گەڵاو
شیعری لێئەچۆڕایەوە!.

-2-

ئەگەر لە ناو
ئەم هەموو ئاوێنەی خەوەو
ئەم هەموو باڵندەی شیعرەو
ئەم هەموو پەلکە گیایانەی
تەماشاو
ئەم هەموو زەنگیانەی خەمە..
تۆ یەك ئاوێنەو یەك تەیرو

یەك پەلكەگیاو
تەنها یەك دەنكە زەنگیانە
هەڵبژێری!
دیارە توانیومە نەهێڵم
دڵت چۆڵو
چاوەكانت بێ میوان بن!..

-3-

هێلانەیەك ساردو سڕو..
خەمێك گەرمو..
پرۆژەیەك لە خەزانو..
باڵە خانەیەك لە تەمو..
سەرابێك لە چاوەڕوانیو..
ئازایەتییەك لە برین..
ئەوە دایكمە!..

-4-

ئەگەرێك هەیە من بۆ خۆم
ببم بە دوو كەس سبەینێ
كەسی یەكەمم ئەوەبێ
كە ڕۆژانە لەسەر جادەو
لە فەرمانگەو لە بازاڕدا
ئەبینرێتو
كەسی دووەمیش ئەوەبێ
لە هیچ شوێنێ نەبینرێتو
هەر لە ناو ژووری خەیاڵداو
لە خەڵوەتێكی سپیدا
خەریكی شیعر نووسین بێ!

-5-

ڕەشەبا بوو
هەر لە حەوشەی ماڵەوەدا
باوكم لەسەر تاتە شۆرێ
ڕاكشابوو.
لە سەرەوەیش
باگردێنێ لەسەر لێواری سەربان بوو..


لەو ساتەدا
منداڵیی من زۆر ئەترسا
باگردێن بەربێتە خوارێو
بکەوێ بەسەر باوکمدا!.

-6-

تۆ کە ئەڕۆیت بە ڕێگاوە
لە شیعرێکی باڵابەرزی کەسك ئەچیت
وەختێ لە ناو خەیاڵێکی شیندا
ڕێ بکاتو
بۆ تەماشای دڵدارانیش
دوای تێپەڕین
هێڵێکی سپی بکێشێ
بەدوای خۆیدا!.
تۆ ئەو وەختەی کە وەستاویت
جوانیت ئەبێ
بەئاوێنەی ئەفسووناویو
لەبەر ئەودا
عەشق تەماشای خۆی ئەکا!.
تۆ ئەو وەختەی کە دانیشتوویت
خودا دێو وێنەت ئەکێشێو
ئەتکا بەپۆرترێتی بەردەمی خۆیو
مۆنالیزاش لە داخاندا
مۆزەی لۆڤەر جێئەهێڵێو
خۆی ون ئەکا!.
یان ئەوکاتەی کە ئەخەویت
لە ناو تۆدا
قەسیدەی من خەوئەبینێو
لە دواییدا
ئەبێ بەڕێزەی تێکەڵی
بارانو وشەو گوڵاڵەو
بەسەر جێگەتا دا ئەکا!

-7-

دوای بینینیت
ئەمشەو قەڵەمەکەم نەنووست



ئەو ئەیویست شیعرێ بنووسێ
ئەوەندەی تۆ ئێسك سووكو
هێندەی چاوت چاوی گەشبێ
بەڵام رۆژبۆوەو ئەو شیعرە
هەر دەرنەكەوت
لە دواییدا بەناكامیی
لەسەر كاغەزێكی سپی
خەوی لێكەوت!.

-8-

زۆر دەمێكە
لە كوورەی ئەم زمانەدا
هەر خۆڵەمێش كۆبۆتەوەو
پشكۆی سرووودێ نابینم
بۆ سەرمای خەمی ئەم خەڵكە
گەش بێتەوە!.

-9-

من و "دارفوور"
ئەو رۆژەی یەكتر ئەبینین
ئیتر هیچمان بیرنامێنێ
باسیبكەین
جگە لە شیر
جگە لە نان!
منو پڵنگێكی تامیل..
ئەو رۆژەی یەكتر ئەبینین
شتێك نییە باسیبكەین
جگە لە چاوی ئازادییو
بەرەبەیانێك بۆ ژیان.
منو "لووبنان"
ئەو كاتەی یەكتر ئەبینین
شتێك نییە باسیبكەین
جگە لە ریشو عەمامەی
درۆی گەورەو
خەمی (ئورز)ێكی چاوەڕوان!.

-10-

شیعر چییە؟!
ئەگەر نەتوانێ تەزوویەك
لە دەزوولەی سەرسامبوونێ
داچڵەکینێ، لە شێوەی خەوی ڕاپەڕیو
نەخاتە ناو دڵی تۆوە؟!
هەر کوتو مت
جوانیی ژنێ ئەبێ چی بێ؟!
کە نەتوانێ
هەر لە یەکەم بینینەوە
بتخاتە ناو تەلیسمەکەی
نیگایەوە
کە نەتوانێ
بتخاتە ناو کەمەندەکەی
عەشقی بەژنو باڵایەوە!.

-11-

وێنەیەكو
هاندیکاپێكو
دیوارێ
وێنەکە، وێنەی ژنێکە
بەڵام بێ دەست
هاندێکاپەکەیش مێردێتیو
ئەویش یەك دەست.
دیوارەکەیش
دیواری ژووری خۆیانو
لە یادی هاوسەرگیریدا
ئەم ئەیەوێ وێنەی ژنەکەی هەڵواسێو
هەر ئەکەوێ
لە دواییدا
وازی لەو دەستەیشی هانیو
بەلووتو دەمو ددانی
وێنەی ژنەکەی هەڵواسیی!.

**ئابو ئەیلولی 2008**
**سلێمانی**